# لێکدژی و دوانەی خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری
# لە ڕۆمانی "ئەڤین و شەوات" ی سدقی هروریدا

محمد امین عبدالله زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- بەشی زمانی کوردی
ئیمەیل: mohammed.ameen@univsul.edu.iq

پەخشان علی احمد زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- بەشی زمانی کوردی
ئیمەیل: akhshan.ahmed@univsul.edu.iqp

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە بارەی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)ی (سدقی هروری)یە، توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکی و دەروازەیەک و دوو بەش. لە دەروازەکەدا پوختەیەکی ڕۆمانەکە خراوەتەڕوو لەگەڵ ناساندێکی گشتیی ڕۆمانەکە لەڕووی تەکنیکییەوە. لە بەشی یەکەمدا باسی عیشق و نیشتمانپەروەری و کاریگەرییان لەسەر کەسێتییە سەرەکییەکان کراوە. لە بەشی دووەمدا هەوڵمانداوە هاوسەنگییەک بکەین لە نێوان ئەم ڕۆمانەو ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەددا. ماوەی نێوان ئەم دوو ڕۆمانە نزیکەی نیو سەدەیە و ڕووداوەکانیان لە دوو کاتی جیاوازدا ڕوویان داوەو ڕەنگدانەوەی دوو ناوچەو دوو شاری جیاوازی کوردستانن (دهۆک ، سلێمانی)، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخی کورد و تاکی کورد لەو دوو سەردەمەی ئەو دوو ناوچەیەدا لەژێر داگیرکاریدا بووە، بۆیە زۆر ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆمانەکان لەیەک نزیکن و لەیەک دەچن.

**وشە کلیلییەکان:** خۆشەویستی، نیشتمانپەروەری، نەتەوە، لێکدژی، کەسێتیی سەرەکی.

## پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** بریتییە لە (خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری لە رۆمانی "ئەڤین و شەوات" ی سدقی هروریدا). سدقی هروری یەکێکە لە رۆماننوسانی بە دیالێکتی کرمانجی سەروو چەندین رۆمانی هەیەو بە پێویستمان زانی توێژینەوەکەمان تایبەت بکەین بە یەکێک لە رۆمانەکانی نوسەر.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی لە رۆمانی ( ئەڤین و شەوات)داو پاشان هاوسەنگکردنی لەگەڵ رۆمانی (ژانی گەل)دا، واتە سنووری توێژینەوەکە ئەم دوو رۆمانە دەگرێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لە توێژینەوەکەدا تەنها پشت بە یەک میتۆدی رەخنەیی نەبەستراوە، بۆیە ئەو میتۆدی لەم توێژینەوەیەدا کاری پێکراوە لە هەندێک شوێندا دەچێتە چواچێوەی میتۆدی بونیادگەری و تاڕادەیەکیش راڤەکارییەوە، بەپێی میتۆدی بونیادگەری لێکدژییەکانی رۆمانەکە دەرخراون و قسەیان لەسەر کراوە، لە رێگەی میتۆدی راڤەگەریشەوە لێکدانەوە بۆ بابەتی خۆشەویستی کراوەو بۆ قسەکردنیش لەسەر بابەتی نیشتمانپەروەری لە رۆمانەکەدا سوود لە بۆچوونەکانی (ستیڤن گرۆزبی)[1] وەرگیراوە. جگە لەوەی پشت بە هاوسەنگی بەستراوە بۆ بەراوردکردنی ئەم رۆمانە بە رۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و دوو بەش پێک هاتووە. لە دەروازەکەدا پوختەیەکی رۆمانەکەو ناساندنێکی گشتیی بۆ دەکەین. لە بەشی یەکەمدا باسی لێکدژییەکانی رۆمانەکەو خۆشەویستی و نیشتمانپەوەری و کاریگەریی ئەم دوو بابەتە لەسەر کەسێتییە سەرەکییەکانی رۆمانەکە کراوە، کە (سەردار) و (چنار)ن. لە بەشی دووەمدا هەوڵ دراوە هاوسەنگییەک بکرێت لەنێوان ئەم رۆمانە (ئەڤین و شەوات) لەگەڵ رۆمانێکی تری کوردیدا بە ناوی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد. رۆمانی (ژانی گەل) لەساڵانی پەنجاکاندا نوسراوەو رۆمانی (ئەڤین و شەوات) لە ساڵی (٢٠٠٨) چاپکراوە، واتە ماوەی نێوانیان نیو سەدە زیاترە، بەڵام لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان خستووەتە روو کە لە توێژینەوەکەدا پێیان گەیشتووین، دواتریش لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەکی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو..

## دەروازە:

رۆمانی (ئەڤین و شەوات) لە نوسینی رۆماننوس (سدقی هرووری)یە. ئەم رۆمانە ساڵی (٢٠٠٨) لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپ و بڵاوکراوەتەوەو (١٤٢) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە.

ئەم رۆمانە بە شێوەیەکی گشتی رۆمانێکی تەقلیدییەو لە رووی هونەری و تەکنیکییەوە لە ئاستێکی مامناوەندایەو زمانی گێڕانەوەشی زمانێکی سادەو ئاساییە، هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە نووسەر زیاتر تەرکیزی لەسەر ناوەڕۆکی رۆمانەکەو گێڕانەوەی رووداو و بەسەرهاتەکانی خەبات و بەرگریی نەتەوەی کورد بووە دژی داگیرکەر. زیاتر جەختی لە پیشاندان و خستنەڕووی خەبات و بەرخۆدانی کەسێتییەکان کردووەتەوە دژی داگیرکەر، کە نەتەوەو زێدی خۆیان خۆش دەوێت و بەرگرییان لێ دەکەن. نوسەر ئەوەندەی مەبەستی بووە هزر و بیرکردنەوە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی و خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەکەی بگەیەنێت بە خوێنەر، ئەوەندە مەبەستی نەبووە گرنگی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بە لایەنی تەكنیكی و هونەریی ڕۆمانەكە بدات، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ڕۆمانەكە لە رووی هونەرییەوە لە ئاستێكی نزمدایە، بەڵكو ئاستێكی باشی هەیەو ئەوەندە هەیە نوسەر زیاتر بایەخی بە لایەنی ناوەڕۆك و هەڵوێست و كرداری كەسەكانی ناو ڕۆمانەكەو ڕووداوەكان داوە، كە ڕەنگدانەوەی واقیعی كوردستان و چەوساندنەوەی میللەتی كوردن لەلایەن ڕژێمە داگیركەرەكانی عێراقەوە.

لە ڕۆمانەكەدا هەر لە سەرەتاوە ناوی دوو كەسێتی هاتووە، كە سەردار و چنارن و ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەو بەسەرهاتەكان لە دەوری ئەو دوو كەسێتییە دەسوڕێنەوە، دیارە "زۆربەی جار ڕێكەوتی ئەوە دەكەین ئاماژەكردن بە كەسێتی لە دێڕەكانی سەرەتای ڕۆمانەكەداو هەندێك جاریش لە دێری یەكەمدا دەبێت" (بحراوی، ١٩٩٠، ص٢٢٣)، واتە ئاماژەكردن بە ناوی كەسێتییەكان لە دێڕەكانی سەرەتای دەستپێكردنی ڕۆمانەكەدا شتێكی باوەو هروریش ئەم تەكنیكەی بەكارهێناوە. كەواتە بیرۆكەی سەرەكیی ڕۆمانەكە باسی ژیانی دوو كەسێتی دەكات، كە بریتین لە (سەردار) و (چنار)، سەردار كوڕی پیاوێكی هەژارە كە لە گوندەكەی خۆی هەڵكەندراوەو لە موسڵ نیشتەجێ بووە. چناریش كچی پیاوێكە كە سەرۆك جاشەو لەگەڵ حكومەتی عێراقدا كار دەكات و دژی پێشمەرگەیەو لە شاری دهۆك نیشتەجێن. سەردار و چنار قوتابیی زانكۆن و لە یەكەم بینینەوە یەكتریان خۆش دەوێت. سەردار بەهۆی ئەوەی لە ڕێكخستنی نهێنیدا كار دەكات، لەلایەن ڕژێمەوە دەگیرێت و پاشان خۆی ڕزگار دەكات و دەچێتە ناوچە ئازادكراوەكان و لە چناری خۆشەویستی دادەبڕێت. لەوێ لەگەڵ پارتێكی كوردیدا كار دەكات و دەبێتە پێشمەرگە. چناریش بەزۆر لەلایەن باوكییەوە دەدرێت بە كوڕە مامی خۆی، بەڵام دواتر كوڕە مامەكەی و باوكی دەكوژرێن و چنار لەگەڵ دایكی و بەهزادی برای ڕوو دەكەنە ناوچە ئازادكراوەكان. دوای چەند ساڵێك و بە تایبەتی دوای ساڵی (١٩٨٨) و كۆتایی هاتنی شەڕی عێراق ـ ئێران، ڕژێم هێرشێكی فراوان دەكاتە سەر ناوچە ئازادكراوەكان و پرۆسەی ئەنفال ئەنجام دەدات. لە كاتی ئەو هێرشانەی ڕژێمدا سەردار و هاوڕێكانی خەڵك دەرباز دەكەن بۆ ئەوەی نەكەونە دەست سەربازەكانی ڕژێم. دایكی چنار و بەهزادی برای لەلایەن ڕژێمەوە شەهید دەكرێن و لەم كاتەدا سەردار دووبارە بە چنار شاد دەبێتەوە، لەگەڵ دوو هاوڕێی پێشمەرگەی و چنار پێكەوە دەچنە كوردستانی توركیاو لە گوندێك نیشتەجێ دەبن و هاوسەرگیری دەكەن. بەڵام دواتر چەند ئەندامێكی پارتێكی باكوور بە تۆمەتی ئەندامێتی سەردار و دوو هاوڕێكەی لە پارتێكی جیا لە پارتەكەی ئەوان و نۆكەری داگیركەر، سەردار و دوو هاوڕێكەی دەستگیر دەكەن، دوو هاوڕێكەی دەكوژن و زمانی ئەمیش دەبڕن و دەیانەوێت تەسلیم بە جەندرمەی توركی بكەن، بەڵام ئەو گەنجەی ڕایدەسپێرن سەردار ببات و تەسلیم بە جەندرمەی توركی بكات، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی هەیەو سەردار تەسلیم بە جەندرمەی تورك ناكات و ئازادی دەكات. بەڵام دواتر سەردار هەر لەلایەن سەربازی توركەوە دەگیرێت و حەوت ساڵ زیندان دەكرێت، دوای حەوت ساڵ ئازاد دەكرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوندەی چناری لێیە، بەڵام دەبینێت چنار و خەڵكی گوندەكە لەوە بێئومێدبوون سەردار مابێت، بۆیە گۆڕێكیی ڕەمزییان بۆ دروست كردووەو چناریش كوڕێكی بووەو كوڕەكەی ناو ناوە سەردار. چنار لەگەڵ كوڕەكەی حەفتانە دەچنە سەر گۆڕەكەی و دواتر شووی كردووەتەوە بە كوڕێكی گوندەكە. سەرەنجام سەردار خۆی ئاشكرا دەكات و هاوسەرەكەی چنارو باوكی هاوسەرەكەی، چنار سەرپشك دەكەن لەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای سەردار، یان لەگەڵ ئەواندا بمێنێتەوە. چناریش ئەوە هەڵدەبژێرێت لە هاوسەرەكەی جیا ببێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ لای سەردارو ببێتەوە بە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هاوسەری و بڕیار دەدەن پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و پێکەوە بژین. واتە ڕۆمانەکە کۆتاییەکی کراوەی هەیە.

## بەشی یەکەم: لێکدژی و خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری لە ڕۆمانەکەدا

### ـ لێکدژی و خۆشەویستی لە ڕۆمانەکەدا:

ئەگەر سەیری ناونیشانی ڕۆمانەکە بکەین، دەبینین لە دوو وشە و ئامرازێکی پەیوەندی پێکهاتووە، دوو وشەکە بریتین لە (ئەڤین، شەوات)، ئەگەرچی لە ناونیشانی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری نەکراوە، بەڵام ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە تێکەڵکردنی خۆشەویستیی نێوان سەردارو چنارە لەگەڵ مەسەلەی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوەیی و ڕۆمانەکە لەسەر ئەم دوالیزمە دامەزراوە. جگە لەمە تێبینی ئەوە دەکەین ناونیشانی ڕۆمانەکە هەڵگری تیمەو بیرۆکەی سەرەکی ڕۆمانەکەیەو دەربڕی ناوەڕۆکەکەیەتی، ئەگەرچی هەردوو وشەی (ئەڤین، شەوات) دژیەکن و نوسەر لەم ناونیشانەدا (دوو پەیڤێن هەڤدژ کۆمکرینە. ل دویڤ ڤێ چەندێ تێکستی دوو تشتێن سەرەکی ب خۆڤە گرتینە، کو دگەل هەڤ د هەڤدژن. ئێک: ئەڤینداری یا دناڤ بەرا هەردوو رەگەزێن نێر و مێ دا. دوو: سۆتن و ئێزادان. کو دویماهیکا ئەڤینەکێ دبیتە سۆتن و شەوتاندن. "(عومەر، ٢٠٠٧، ل٥٦)، واتە ئەم دوو پەیڤە هەڤدژی یەکن، بەڵام ئەم هەڤدژییەی وشەکان تەنها ڕواڵەتییەو لە ناوەڕۆکدا سوتان ئەنجامێکی سروشتیی ئەڤین و خۆشەویستییەو بەهۆی خۆشەویستییەوە سوتانەکە ڕوو دەدات، بەڵام "لێ ئەڤ سۆتنە نەیا لەشی (جەستەیی)یە، بەلکو سۆتنەکا گیانییە، ژ ئەنجامێ دویر کەفتن و سەرنەگرتنێ پەیدا دبیت، یان ژ ئەنجامێ زێدە رویی د ڤیانێ دا و چ ژێنەهاتن لە هەمبەر ڤێ هێزا هەست و سۆزدارییێ. (عومەر، ٢٠٠٧، ل٥٧). ئەگەرچی ئەم سوتانەی بەهۆی ئەڤینەوە ڕوودەدات و وا دەکات وشەکان لە ناوەڕۆکدا هەڤدژییەکەیان نەمێنێت و تەبا ببنەوە بە یەک، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین سەرەڕای ئەوەی لە خۆشەویستییەکەدا سوتان هەیەو ئەمە وای کردوە دوو وشەکە لە ناوەڕۆکدا دژیەک نەبن، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم هەڤدژییە لە زۆر بواری دیکەی ناو ڕۆمانەکەدا ڕەنگیان داوەتەوەو بنیاتنانی ڕۆمانەکەو ڕووداوەکانی ناوی لەسەر بنەمای هەڤدژی دروست بوون، وەک لێکدژی چنار لەگەڵ باوکی: باوکی لەگەڵ حکومەتەو دژی کوردە، چنار حەزی لە کوردایەتییە، تەنانەت ئەو کاتەی سەردار دەگیرێت چنارو بەهزادی برای هەوڵی ڕزگارکردنی دەدەن، ئەمەش پێچەوانەی کارەکانی باوکیانە. لێرەدا لێکدژییەکی تر دەردەکەوێت، کە لێکدژیی بەهزادی برای چنارە لەگەڵ باوکیدا، چونکە براکەی چناریش هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی هەیەو دژی ڕژێمەو لەمەدا پێچەوانەی باوکیەتی. هەر ئەم لێکدژییە وادەکات ڕەمەزانی باوکی چنار، کە پیاوی ڕژێمە، بە دەستی پێشمەرگە بکوژرێت، بەڵام بەهزادی برای چنار دەبێتە پێشمەرگەو بە دەستی پیاوانی ڕژێم دەکوژرێت.

جگە لەوانەی باسکران تەنانەت لە خودی کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا، کە سەردارە لێکدژی هەیە، ئەمەش لەوێوەیە سەردار کەسایەتییەکی شەرمن و ترسنۆکی هەیەو ئەم دوو سیفەتە وادەکەن کەسێکی دابڕاو و گۆشەگیر بێت، کەچی لەناو ڕێکخستنی نهێنیدا کار دەکات، ئەمەش پێچەوانەی سروشتی خۆیەتی کە ترسنۆک و شەرمنە، چونکە کارکردن لەناو ڕێکخستنی نهێنیدا کەسی ئازاو چاونەترسی دەوێت، نەک کەسی شەرمن و ترسنۆک، هەر ئەمەش وا لە شڤانی هاوڕێی دەکات لەبارەی سەردارەوە بڵێت " سەردار ب خەیالان دژیت و ما کەنگی وی حەز دکر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

د خەباتا سیاسی یا نهینی دە بەردەوام ببە و وی ل بەر بوو دەڤ ژ ڤی کارێ مە بەر بدە. ئەو هەم دترسە و هەم دو دلە" (هروری، ٢٠٠٨، ل٤٧). واتە لە خودی کەسێتیی سەرداردا ئەو لێکدژییە کۆبووەتەوە، کە هەم ترسنۆکە، هەم لە ڕێکخستنی نهێنیشدا کار دەکات.

لێکدژییەکی تر کە لەناو ئەم ڕۆمانەدا ڕەنگی داوەتەوە ئەوەیە میللەتی کوردو بە تایبەتی خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان قوربانیی دوو جۆر دەسەڵاتن، یەکیان دەسەڵاتی داگیرکەرە، کە ستەمێکی نەتەوایەتی لە میللەتی کورد دەکات و کوردیش بۆ ڕزگاربوون لەو ستەمە پارتە کوردییەکانی دامەزراندووە بۆ ئەوەی بەرەنگاری داگیرکەر ببێتەوە میللەتەکەی ڕزگار بکات، کەچی هەندێک کەسی ناو پارتە کوردییەکان ئەو دەسەڵاتەیان دژی کەسانی تری میللەتەکەی خۆیان بەکار دەهێنن، واتە لەناو پارتە کوردییەکانیشدا چینێک خەڵک دەچەوسێننەوە "مینا ستەما ئاغا و دەربەگا ل سەر تاخا هەژاران" (عومەر، ٢٠٠٧، ل١٢٦). لێرەدا دەبوو خەڵک تەنها لەلایەن ڕژێمەوە بچەوسێنرایانەوەو لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە بپارێزرانایە، کەچی لەلایەن شۆڕش و پارتە کوردییەکانیشیەوە دەچەوسێنرێنەوە، ئەمەش ئەو کاتەیە، کە ئاغاو دەرەبەگ و شێخەکان چوونەتە ناو شۆڕش و لەناو شۆڕشدا بوون بە بەرپرس و ئەمەیان قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی زوڵم لە جوتیار و هەژارەکان بکەن، بۆ نمونە ناهێڵن منداڵەکانیان بچنە قوتابخانەو بخوێنن، ئەمەش بۆ ئەوەیە چاویان نەکرێتەوەو بیر لەوە نەکەنەوە لە دەست دەرەبەگ خۆیان ڕزگار بکەن. یان زەوی و زاریان لێ داگیر دەکەن و دەربەدەریان دەکەن، وەک باوکی سەردار کە لە گوندێکی ناوچە ئازادکراوەکان نیشتەجێ بووەو خاوەنی زەوی و زاری خۆی بووە، بەڵام شێخی گوندەکەیان، کە سەر بە شۆڕشی کوردە، تۆمەتی ئەوەی بۆ دروست دەکات کە کۆمەنیستەو لەگەڵ ڕژێم کار دەکات، بۆیە شێخ بەم قسانە خەڵکی گوندەکە دەکاتە دوژمنی باوکی سەردار و ناچاری دەکەن گوندەکە جێ بهێڵێت، کاتێکیش گوندەکەی جێ دەهێڵێت و دەچێتە موسڵ، شێخی گوندەکەیان تۆمەتی ئەوەی بۆ ساز دەکات چووەتە پاڵ ڕژێم، بۆیە بە ڕەوای دەزانێت دەست بەسەر زەوی و زارەکەیاندا بگرێت. واتە باوکی سەردار بەهۆی زۆرداریی کەسێکی ناو پارتە کوردییەکەوە دەربەدەر دەبێت و دەچێتە موسڵ، کەچی دوایی سەرداری کوڕی لەلایەن ڕژێمەوە دەگیرێت، چونکە سەردار لە ڕێکخستنێ نهێنیدا لەگەڵ ئەو پارتە کوردییە کار دەکات و دژی ڕژێمە.

جگە لەوەی سەبارەت بە ناونیشانی ڕۆمانەکەو لێکدژییەکان و ڕەنگدانەوەی لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا وترا، لایەنێکی سەرەکی ئەم ڕۆمانە خۆشەویستیی نێوان سەرداو و چنارە، کە دوو کەسێتیی سەرەکیی ناو ڕۆمانەکەن، بە تایبەتی لە ڕۆمانەکەدا سەردار شاکەسی ڕۆمانەکەیەو زۆربەی هەرە زۆری ڕۆمانەکەو ڕووداوەکان ئەو هەڵیان دەسووڕێنێت و بەرەو پێشیان دەبات. سەردار قوتابی زانکۆیەو کەسێکی ڕۆشنبیرەو ئاگاداری هەندێک بابەتی ڕۆشنبیرییەو کتێبی نوسەرە ئەوروپییەکانی وەک کۆڵن ویڵسۆنی خوێندووەتەوە. کاتێکیش بۆ یەکەمجار چنار دەبینێت، بەبێ ئەوەی بیناسێت و قسەی لەگەڵ کردبێت یەکسەر لە یەکەم بینیندا عاشقی چنار دەبێت و خۆشی دەوێت. ئەو خۆشەویستییەی بۆ چنار هەیەتی خۆشەویستییەکە لە ئارەزووەوە سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە "ئەو خۆشەویستییەی لە ئارەزوو (الشهوة)ەوە سەرچاوە دەگرێت و وەهمی و لەناوچووە" (الطفيلي، ١٩٩٢، ص١١)، بەڵام خۆشەویستییەکەی سەردار بۆ چنار تا کۆتایی تەمەنی دەمێنێتەوەو لەناو ناچێت، کەواتە حەزێکی کاتی نەبووە. جگە لەمە ئەو خۆشەویستییەی سەردار بەرامبەر بە چنار هەیەتی ئەو دوو ڕەهەندەی تێدایە کە نوسەری عەرەب (صادق جلال العظم) ئاماژەی پێکردوون و پێیوایە لە خۆشەویستیدا دوو ڕەهەند هەن: یەکیان: درێژبوونەوەو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەردەوامییە بەپێی کات، ئەوەیتریان توندیی (الإشتداد)و بەهێزیی خۆشەویستییەکەیە، (بڕوانە: العظم، ٢٠٠٧، ل٢٥). توندیی خۆشەویستی شتێکی کاتییەو دوای ماوەیەک نامێنێت، بەڵام درێژبوونەوەو بەردەوامی ئەوەیە کە ئەو خۆشەویستییە بۆ ماوەیەکی درێژو زۆر جار تا کۆتایی تەمەن لای کەسەکە دەمێنێتەوە. لەم ڕۆمانەدا ئەو خۆشەویستییەی سەردار بەرامبەر بە چنار هەیەتی ڕەهەندی درێژبوونەوەو بەردەوامییەکەی زۆر بەهێزە، چونکە ئەم خۆشەویستییەی سەردار بۆ چنار چەندین ساڵ بەردەوامەو کۆتایی نایەت، تەنانەت دوای ئەوەی چنار لەلایەن باوکییەوە بە زۆر دەدرێت بە شوو بە ئامۆزاکەی خۆی، بەڵام خۆشەویستییەکەی سەردار هەر دەمێنێت بۆی و کۆتایی نایەت. تەنانەت کاتێک سەردار دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان زۆر جار هاوڕێکانی و خەڵکی گوندەکان پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکەن هاوسەرگیری بکات و چەندین کچی جوانی بۆ دیاری دەکەن. بەڵام ئەو دڵی هەر لای چنارەو هیچ کچێکی تر ناچێتە دڵیەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت خۆشەویستیی سەردار بۆ چنار خۆشەویستی و ئارەزوویەکی جەستەیی نییە، چونکە "ئارەزووی جەستەیی بە ئاسانی جێگرەوە قبوڵ دەکات و دەکرێت تیایدا جێگرەوە هەبێت"(مجموعة من المؤلفين، ٢٠١٠، ص٣٩٧)، بەڵام خۆشەویستیی ڕۆحی بەرامبەر بە یەک کەسەو جێگرەوە قبوڵ ناکات.

ئەگەرچی کەسێتیی سەردار بەجۆرێکە بەرامبەر بە ئافرەت شەرمنە "ئەو د وارێ ژنان دە خۆرتەکی شەرمۆکی بوو" ( هروری، ٢٠٠٨، ل٧) بەڵام ئەو خۆشەویستییەی لە دڵیدا دروست دەبێت بەرامبەر بە چنار دەبێتە هۆی ئەوەی شەرم و ترسەکەی نەمێنێت و هێزێک لە ناویدا دروست دەکات و وای لێ دەکات بتوانێت هەر لە یەکەم بینیندا لەگەڵ چنار قسە بکات، ئەمەش واتای ئەوەیە لێرەدا خۆشەویستی بووەتە وزەو هێزێک و ئازایەتی بە کەسەکە بەخشیوەو هەڵوێستێکی پێ نواندووە، کە پێشتر لەو بڕوایەدا نەبووە بتوانێت هەڵوێستی وا بنوێنێت و بچێت لەگەڵ کچ قسە بکات، جاری دوومیش کە دیسان چنار دەبینێت و هەندێک قسە دەکەن پێکەوەو زۆر دڵی خۆش دەبێت بەوەی کچێکی بینیوەو خۆشەوسیتییەک لە نێوانیاندا سەر هەڵدەدات و بەرەو پاشەڕۆژێکی پرشنگدار هەنگاو دەهاوێژێت. بەڵام سەردار قەلەقی ئەوەیە هەردوو جارەکە کە چناری بینیوە، گەنجێک بانگی چنار دەکات و پێکەوە لە زانکۆ دەڕۆنەوەو وا دەزانێت چنار دەزگیرانی ئەو گەنجەیە. دواتر سەردار لەلایەن هەڤاڵی هاوڕێییەوە دوو هەواڵی پێ دەدرێت، یەکیان ئەوەیە ئەو گەنجەی لەگەڵ چنارە برای چنارەو دەزگیرانی نییە، کە ئەمەیان هەواڵێکی خۆشە بۆ سەردار، هەواڵەکەی تر ئەوەییە هەڤاڵ بە سەردار دەڵێت ناوێرێت لەگەڵ سەردار بگەڕێت و دابنیشێت، چونکە قوتابییەکانی تر باسی ئەوە دەکەن سەردار لەگەڵ دڵشادو شڤان لە ڕێکخستنی نهێنیدا کار دەکەن و حکومەت پێی زانیون. ئەمەیان هەواڵێکی ناخۆشە بۆ سەردارو دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خۆشییەکانی هەواڵی یەکەمدا، چونکە ئەم کە چنار دەناسێت و قسەی لەگەڵ دەکات، عاشقی دەبێت و بیر لەوە دەکاتەوە لە داهاتوودا هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، بەڵام بوونی ئەم لەناو ڕێکخستنێکی نهێنیی سیاسیداو زانینی ئەمە لەلایەن حکومەتەوە ڕێگرە لەبەردەم هاتنەدیی خەونەکەیدا، کە هاوسەرگیرییە لەگەڵ چنار، هەر ئەمەش وادەکات بیر لەوە بکاتەوە واز لە کاری ڕێکخستن بهێنێت.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت سەرەتای ڕۆمانەکە بە باسکردنی خۆشەویستیی نێوان سەردار و چنار دەست پێ دەکات، بەڵام دواتر کارکردن لە ڕێکخستنی نهێنی دێتە بەر باس، کە ئەم کارکردنەش لە ڕێکخستنێ نهێنیدا دگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی سەردار و هاوڕێکانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**. هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە رۆمانەکەدا:**

لێرەدا بۆ روونکردنەوەو تیشکخستنە سەر مەسەلەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە رۆمانەکەدا بە پێویستی دەزانین لە رووی تیۆرییەوەو بە سوودوەرگرتن لە بۆچوونەکانی (ستیڤن گرۆزبی) کەمێک لەسەر ئەم بابەتە بوەستین.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و باسی دروستبوونی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بکەین، دەبینین دروستبوونی نەتەوەو نیشتمان لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە مرۆڤ چەندین سنور دادەنێن و نەتەوەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێت و نەتەوەکانی تری وەک نەتەوەکەی خۆی خۆش ناوێت.. (گرۆزبی) رای وایە ئەو خۆشەویستییەی مرۆڤ بۆ نەتەوەکەی هەیەتی بە زاراوەی نیشتمانپەروەری (الوطنية) گوزارشتی لێ دەکرێت. (بڕوانە: جروزبي، ٢٠١٥، ص٢٢) لێرەدا ئەم بۆچوونەی گرۆزبی مایەی سەرنج و تێڕامانە بەلای ئێمەوە، چونکە وای دادەنێت نیشتمانپەروەری، خۆشەویستیی مرۆڤە بۆ نەتەوەکەی، ئەمەش لەوێوەیە بوون و نیشتەجێبوونی نەتەوە لەسەر نیشتمان و خاکێکی دیاریکراو وا دەکات تاکەکانی ئەو نەتەوەیە ئەو خاک و نیشتمانەیان خۆش بوێت، ئەگەر ئەندامانی ئەو نەتەوەیە لەسەر ئەو خاکە نیشتەجێ نەبوونایە ئەوا شتێک لە ناویاندا دروست نەدەبوو بە ناوی خۆشەویستیی ئەو نیشتمانەو نیشتمانپەروەری، کەواتە نیشتمانپەروەری بریتییە لە خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ نەتەوەکەی لە رێگەی نیشتمانەکەیەوە. هەر بەپێی ئەم تێگەیشتنەی ستیڤن گرۆزبی بۆ زاراوەی نیشتمانپەتەوەری، کاتێک ئێمەش لە ناونیشانەکەدا گوتوومانە "خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری لە رۆمانی ئەڤین و شەوات"دا، مەبەستمان لە خۆشەویستی، خۆشەویستیی کەسێتیی سەرەکیی رۆمانەکە (سەردار)ە بەرامبەر بە چنار، مەبەستیشمان لە نیشتمانپەروەری خۆشەویستیی سەردارە بۆ نەتەوەکەی لە رێگەی نیشتمانەکەیەوە. کەواتە وا لە نیشتمانپەروەری تێدەگەین کە ئاماژەیە بە پەیوەندییەکانی پابەندبوون بە کۆمەڵگەیەک لە ناوچەیەکداو لە رووبەرە خاکێکی دیاریکراودا. ئەم هەستی نەتەوەییەش لە پابەندبوونی قوڵی خەڵک بە خاک و نەریت و دەسەڵاتەکەی ناو هەرێمەکەیاندا رەنگ دەداتەوە. بۆیە دەکرێ بوترێت "نەتەوە بریتییە لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی، کە قوڵاییەکی زەمەنی و زەویەکی سنورداری خۆی هەیە" (ستيفن جروزبي، ٢٠١٥، ص١٨ ). سەبارەت بە کورد مەسەلەی نەتەوەگەری و نیشتمانپەروەری تێکەڵ بە یەک بوون، چونکە کورد وەک نەتەوەیەک پابەندە بە خاکێکەوە کە ناوی کوردستانە، هەم نەتەوەکەی هەم و خاکەکەی لەلایەن نەتەوەکانی دراوسێیەوە (عەرەب و تورک و فارس) داگیر کراون، بۆیە خۆشەویستی بۆ نەتەوە تێکەڵ بە خۆشەویستی بۆ نیشتمان بووەو خەباتی کورد لەپێناو رزگارکردنی هەردووکیاندایەو نیشتمانپەروەری گوزارشتە لە نەتەوەگەری و خۆشەویستیی نەتەوە.

سەرهەڵدان و دروستبوونی نەتەوە شتێکی نوێیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزدەو حەڤدە، کە سەرەتا لە ئینگلتەرا سەری هەڵداوە، دواتر لە سەدەی هەژدەدا لە ئەمریکاو فەرەنسا سەری هەڵداوە (بڕوانە: جروزبي، ٢٠١٥، ل٥٩)، لای کوردیش سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی بەو چەمکە نوێیەی کە هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیست، بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە کوردستان بەسەر دەوڵەتەکانی عێراق و سوریاو ئێران و تورکیادا دابەش کراو کورد لەسەر دەستی ئەو دەوڵەتانە لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەش کرا. بێبەشکردنی نەتەوەکیش لە مافە نەتەوەییەکانی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەمکی نەتەوەگەری (القومية)، کە جیاوازە لە چەمکی نەتەوە (أمة)و "زۆر کەس بەشێوەیەکی هەڵە زاراوەی نەتەوەگەری وەک هاوواتای نەتەوە (امة) بەکاردەهێنن، نەتەوەگەری (القومية)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئاماژەیە بە كۆمەڵێك بیروباوەڕ (معتقدات) لەبارەی نەتەوەوە، هەر نەتەوەیەكیش سەبارەت نەتەوەكانی تر بیروباوەڕی جیاوازی هەیەو بەهۆیانەوە لە ململانێدایە، زۆربەی جار ئەم بیرو باوەڕانە لەشێوەی جیاوازیی سیاسیدا گوزارشت لە خۆیان دەكەن" (جروزبي، ٢٠١٥، ص١٢). ئەم جیاوازییە سیاسیانەش كە بە هۆی نەتەوەگەرییەوە دروست بوون بوونەتە هۆی ئەوەی شەڕو ناكۆكی لە نێوان نەتەوە جیاوازەكاندا دروست ببێت و "هەزاران كەسیش ـ تەنانەت لە راستیدا ملیۆنان كەس ـ لەناو چوون بەهۆی ئەو شەڕانەی بۆ بەرگریكردن لە نەتەوەكانیان هەڵگیرساون" (جروزبي، ٢٠١٥، ص٩) كوردیش لەم هاوكێشەیە بە دوور نییە، سەدان و هەزاران شەهیدی لەپێناو وڵاتەكەیدا بەخشیووەو ئاوارەیی و دەربەدەری زۆری چەشتووە لە پێناو رزگاركردنی نیشتمان و نەتەوەكەی لە رژێمی بەعس و حكومەتەكانی پێش رژێمی بەعس. ئەمەش لەوێوە بووە "نەتەوەگەری جەخت لەوە دەكاتەوە كە نەتەوەكانی تر دوژمنی سەرسەختی نەتەوەكەی ئەون، ئەمەش رق و كینە دەچێنێت بەرامبەر هەموو ئەوەی بە بێگانە دادەنرێت" (جروزبي، ٢٠١٥، ص ١٢). رژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراقیش لەم روانگەوە سەیری نەتەوەی كوردیان كردووەو بە دوژمنی خۆیان زانیووەو هەوڵی لەناو بردنیان داوە، واتە لە عێراقدا نەتەوەی عەرەب هەمان ئەو تێروانینەی هەبووە بۆ نەتەوەی كورد، كە ستیڤن گرۆزبی لێرەدا باسی دەكات، نەتەوەی عەرەب كوردی بە دوژمنی خۆی زانیوەو هەوڵی داوە لەناوی ببات و نەیهێڵێت و نیشتمانەكەی داگیر بكات. لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاكانی سەدەی بیست و بە درێژایی ئەو سەدەیە سەیری شیعری سیاسی بكەین لە ئەدەبی كوردیدا، كە ئەمیش پەیوەستە بە لایەنی نەتەوەییەوە، دەبینین شیعری سیاسی ئەو كاتە هاتووەتە كایەوەو سەری هەڵداوە، كە شاعیر "بەراوردی ژیانی سیاسی نەتەوەكەی لەگەڵ گەلانی سەربەخۆ و ئازاد و خاوەن قەوارەی سیاسی كردووە" (ئاگرین، ١٩٩٦، ل١٨). ئەم بۆچوونە سەبارەت بە هۆكاری نوسینی شیعری سیاسی، كە دەربڕینی هەستی نیشتمانی و نەتەوەییە، بۆ رۆمانیش گونجاوە، چونكە كاتێك رۆماننوس بینیویەتی گەل و نەتەوەكەی لەلایەن نەتەوەیەكی ترەوە داگیركراوە، ئیتر هەوڵی داوە لە رێگەی رۆمانەوە گوزارشت لە بارودۆخی نەتەوەیی میللەتەكەی بكات و باسی خەبات و تێكۆشانی نەتەوەكەی بكات لە پێناو ئازادی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و رزگار بوون لە داگیركەر. چۆن شاعیری نیشتمانپەروەرو نەتەوەیی "لە شیعری نیشتمانیدا بە تاسەو پەرۆش و سۆزێكی ئاگراوییەوە لە شیرینی و خۆشەویستی نیشتمان ئەدوێت ... ... بە سەرچاوەی چالاكی و ژیانی زیندەگی دائەنێت" (ئاگرین، ١٩٩٦، ل١٨) بەهەمانشێوە رۆماننوسیش هەمان هەستی شاعیر لە ناخی كەسێتییەكانیدا دەچێنێت و لە رێگەی كەسەكانی ناو رۆمانەكەیەوە گوزارشت لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دەكات. ئەم بارودۆخەی كوردی تێدا بووە لە رۆمانی زۆربەی رۆماننوسەكانی كورددا رەنگی داوەتەوە، بە شێوەیەكی تایبەتیش لەم رۆمانەی سدقی هروریدا ئەم بارودۆخە رەنگی داوەتەوە، كە هەم مەسەلەی نیشتمانپەروەری و هەم مەسەلەی خۆشەویستی نیشتمان بە زەقی تیایدا بەرجەستە كراوە. ئەوەتە باوكی سەردار دوای ئەوەی چەندین ساڵە لە زێدو گوندەكەی خۆی هەڵكەنراوەو چووەتە شاری موسڵ، بەڵام هەر ئەو ژیانەی بە لاوە خۆشەو تامەزرۆیەتی كە لە گوندەكەیدا بەسەری بردووەو لەناو رەزو باخی خۆیدا بووە، ئەمەش نیشانەی نیشتمانپەروەری و پابەندبوونی كەسەكەیە بە زێد و خاكی خۆیەوە.

لەم رۆمانەدا شوێن وەك نیشتمانێكی داگیركراو رۆڵێكی بەرچاوی هەیە لەسەرهەڵدان و دروستبوون و رووداوی رووداوەكاندا، زۆر جاریش یارمەتیدەرێكی باشی كەسێتییەكانە بۆ دەربازبوون و خۆرزگاركردن لە دەستی سەربازەكانی داگیركەر، چونكە شوێن بۆ كەسێتییەكان شوێنێكی ئاشنایەو زێدی خۆیانە. تەنانەت شوێن رۆڵێكی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەرچاوی هەیە لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانداو گێڕەرەوە نەهاتووە تەنها وەسفی شوێنەکان بکات و وێنەیەکی واقیعیی شوێنەکان بکێشێت، بەڵکو لە میانەی ڕوانینی تایبەتیی خۆیەوە شوێنەکە پێشکەش دەکات، بەمەش هەستی تایبەتی خۆی بەرامبەر شوێنەکە دەردەبڕێت. بەڵام هەندێک جار ئەم شوێنانە کە زێدی کەسێتییەکانن و لە دڵیاندا خۆشەویستن، وا دەکەوێتەوە کە "بەهۆی هێرشی ڕژێمەوەو داگیرکردنی گوندەکان شوێن دەشێوێنرێت و دەبێتە فەزای توندو تیژی و ترساندن"(بڕوانە: د هیمة، ٢٠١٣، ص ٢٣١)، لەم ڕۆمانەی هروریشدا ئەو کاتەی ڕژێم دوای وەستانی شەڕی عێراق ـ ئێران هێرش دەکاتە سەر گوندو ناوچە ئازادکراوەکان، لەم کاتەدا ئەو ناوچانەو گوندەکان لە شوێنێکی ئاشناوە دەبنە شوێنێک کە پڕن لە ترس و تۆقاندن، ئەم ترس و تۆقاندنە لە خودی شوێنەکەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەو داگیرکەرەوە سەرچاوە دەگرێت کە شوێنەکە داگیر دەکات و خەڵکەکەی دەربەدەر دەکات و ناهێڵێت بە ئاشتی و ئارامی لە زێدی خۆیاندا بژین. کەچی سەرەڕای ئەو ترس و تۆقاندنەی ڕژێم لە شوێنەکاندا ئەنجامیان دەدات، بەڵام خۆشەویستیی ئەم شوێنانە وەک زێد و نیشتمان لە دڵی کەسێتییەکاندا هەر دەمێنێت.

مەسەلەی هەستی نیشتمانپەروەری و بیری نەتەوەیی بەتەواوی بەسەر زۆربەی کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەدا زاڵە، ئەگەر چی لە ڕووی ئاین و مەزهەبیشەوە لە یەک جودان، بەڵام مەسەلە نەتەوەییەکە وادەکات هاوکارو پشتیوانی یەکتر بن، وەک خودێدا، کە یەزیدییە هاریکاری سەردار دەکات، کە موسڵمانەو خودێدا دەیەوێت لەدەست حکومەت دەربازی بکات، ئەمەش لەو هەستە نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لای هەر یەک لە سەردار و خودێدا هەیەو پێش هەستی ئاینی کەتووە لە بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئەواندا.

ئەگەرچی ئەمین عەبدولقادر لە نامەی ماستەرەکیدا ڕای وایە سەرداری "کارەکتەرێ سەرەکیێ رومانا "ئەڤین و شەوات" هەلگرێ بیرەکا نەتەوەیی یە لێ د هەمان دەمدا ئایدۆلۆجییەکا مارکسی ڤەشارتی ب خوەڤە دگریت ئەڤ چەندە ژی د مینا ئاخافتنا ویدا دیار دبیت دەما دگەهیت ڕێزێن پێشمەرگەی، حەز ناکەت شەڕی و چەکی ب هەلگریت" (عومەر، ٢٠٠٧، ل١٦١)، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی توێژەردا نین، چونکە لەوانەیە ئەم بۆچوونەی توێژەر ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە نوسەری ڕۆمانەکە دەناسێت و لەڕوانگەی کەسێتیی نوسەری ڕۆمانەکەوە ئەم حوکمە بەسەر کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا دەدات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی سەردار کاتێک دەچێتە ناو پێشمەرگەو لەوێ حەز ناکات چەک هەڵگرێت، لەبەر ئەوە نییە ئایدۆلۆجیایەکی مارکسیی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە پێش ئەوەی بچێتە ناوچە ئازادکراوەکان بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، لە شاری موسڵ قوتابی بووەو خوێندوویەتی و چووەتە زانکۆو سەرودەری لەگەڵ چەکدا نییە، بەڵکو زیاتر لەگەڵ قەڵەم و نوسیندا سەرودەری هەیە، بۆیە داوا دەکات "ب کارەکێ وەها ڕابیە کو پەیوەندی ب خوەندن و ڕەوشەنبیریێ و تشتێن ولۆ..." (هروری، ٢٠٠٨، ١٠٥)، واتە ئەم دەیەوێت لە ڕێگەی کاری ڕۆشنبیری و هۆشیارکردنەوەی دەوروبەرییەوە خزمەتی دۆزی نەتەوایەتی و نەتەوەکەی بکات، چونکە لەم بوارەدا شارەزایی هەیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ڕاستە کەسێتی سەردار ڕارایە لەوەی لەگەڵ پارتەکەدا کار بکات، یان بە تەنیا کار بکات، چونکە ئەگەر دەچێتە ناو پارتە کوردییەکان کێشەکە ئەوەیە پارتە کوردییەکان لەگەڵ یەکدا ململانێ و کێشەیان هەیەو دژی یەکن و هەموو هێزو توانایان لە دژایەتیی داگیرکەردا خەرج ناکەن، بە تەنهاش ناتوانێت خەبات بکات و هیچی پێ ناکرێت، بۆیە بەردەوام لەم ڕاراییی و دوودڵییەدایەو "بەمە دەتوانین ئەو قەڵەقە بەردەوامە شی بکەینەوە کە کەسە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکان هەیانە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەو کەسانە لە جیاوازی و لەیەکنەچوونێکی گەورەی نێوان دەق و واقیعدا دەژین و کێشەی سەرەکیشیان هۆشیارییە بەم جیاوازییە" (یقطین، ٢٠٠١، ص١٤٦)، سەرداریش وەک کەسێتییەکی سەرەکیی ڕۆمانەکە هۆشیاریی بەوە هەیە دەبێت سەرجەم پارت و لایەنە کوردییەکان هەموو هێزو توانایان لە دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەردا خەرج بکەن، بەڵام واقیعەکە بەو جۆرە نییەو چەند دژی داگیرکەر دەجەنگن، ئەوەندەش لەناو خۆیاندا دژایەتیی یەکتر دەکەن و لەگەڵ یەک دەجەنگن و ئەمەش لەسەر سەدار زۆر قورس دەکەوێتەوەو لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەودا یەک ناگرێتەوە، کە باوەڕی بە یەکێتیی نەتەوەیی هەیە. تەنانەت ئەو کاتەش قوتابیی زانکۆ بووە لە هەڵسوکەوت و قسەکردنی لەگەڵ هاوڕێکانی ئەوە دەردەکەوێت سەردار باوەڕی بە یەکێتی نەتەوەیی هەیە، چونکە سەردار دهۆکییەو لە موسڵ نیشتەجێیە، شڤانی هاوڕێی خەڵکی سلێمانییەو دڵشادیش، کە دیسان هاوڕێیەتی خەڵکی هەولێرە. سەردار گوێ بەوە نادات شڤان و دڵشاد هەمیشە بە دیالێکتەکەی خۆیان قسە دەکەن و ئەمیش بە دیالێکتەکەی ئەوان قسە دەکات و بەلایەوە گرنگ نییە کە ئەوان بە دیالێکتەکەی ئەم قسە ناکەن، چونکە وەک یەک سەیری هەموو دیالێکتەکانی دەکردو باوەڕی بە یەکێتی نەتەوەیی هەبوو و لەناو خۆیدا پێیوابوو بیرکردنەوە لەوەی بۆچی ئەوان بە دیالێکتەکەی ئەم قسە ناکەن کارێکی باش نییەو "هەر نەدخوەست ل سەر رابوەستەو هزرا خوە تێ دە بکە و دترسیا نەکو ئەو شێوەیێ هزرکرنان ب خەرابی کار بکە سەر باوەربوونێ ب یەکێتیا نەتەوەیی یا کوردی د هزر و ناڤا وی دە" (هروری، ٢٠٠٨، ل٢٤)، کەواتە سەردار هەڵگری بیری مارکسیی نەبووەو قەناعەتی بە یەکێتی نەتەوەیی هەبووەو هەڵگری بیری یەکێتی نەتەوەیی کوردی بووە.

سەردار کاتێک ئاشکرا دەبێت لەناو ڕێکخستنی نهێنیدا کار دەکات و دوایی دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکان، لەوێ حەزی لەوە نییە ببێتە پێشمەرگە، ئەمەش دوو هۆکاری هەیە، یەکیان وەک پێشتر باسمان کرد ئەوەیە قوتابیی زانکۆ بووەو سەرودەری لەگەڵ چەکدا نییەو حەزی لە کاری ڕۆشنبیرییە، هۆی دووەم ئەوەیە سەردار کەسێکی ترسنۆکەو ترسی لە شەڕو پێکدادان هەیە، ئەم ترسەشی لە ناخی خۆیدا شاردووەتەوەو لای کەس دەری نەبڕیوە، بەڵام ئەو کاتەی هەواڵی ئەوە دەبیستێت باوکی چنارو مێردەکەی کوژراون و چنار و دایکی هاتوونەتە ناوچە ئازادکراوەکان، ئەو خۆشەویستییەی بەرامبەر بە چنار هەیبووە، هەر ماوە، بۆیە زۆر دەگەڕێت و هەوڵ دەدات چنار بدۆزێتەوە، تەنانەت جارێک دوو پێشمەرگەی هاوڕێی هەواڵی ئەوەی پێ دەدەن چەند خێزانێکی کورد لەلایەن سەربازەکانی ڕژێمەوە ڕێگەیان لێ گیراوەو پێویستە بچن ڕزگاریان بکەن، ئەگەرچی سەردار پێشتر لە شەڕو ڕووبەڕووبوونەوە دەترسا، بەڵام لەم کاتەدا بەهۆی ئەوەی دەزانێت چنار لە ناوچە ئازادکراوەکاندایە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ترسەکەی نەمێنێت و "وی خوە د وان گاڤان دە نەدیت یێ ترسیایی، ئەڤینێ هێزەک دا وی کو هایا وی ژ چ ترسەکێ و ژ چ تشتەکێ دن نەبە." (هروری، ٢٠٠٨، ل١١٧)، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەو ئەڤینەی لە دڵی سەرداردا بەرامبەر چنار هەیە جارێکی تر دەبێتە هۆی ئازابوونی سەردارو ترسنۆکییەکەی نامێنێت و دەبێتە کەسێکی چاونەترس کە بەرگری لە خۆشەویستەکەی و لە میللەتەکەی دەکات و هەوڵی دەربازکردنیان دەدات لەدەست سەربازانی ڕژێم. واتە یەکێک لە هۆکارەکانی نەبوونی بە پێشمەرگە ترسەکەیەتی، بەڵام خۆشەویستییەکەی بۆ چنار وا دەکات ئەو ترسەی نەمێنێت و لێرەدا کاریگەریی خۆشەویستی بۆ سەر کەسێتییەکەو بیرو بۆچوونەکانی دەردەکەوێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

کەسێتیی چناریش ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە ڕووداوەکان و گەشەکردنی کەسێتیی سەرداردا "د رومانا "ئەڤین و شەوات" دا رومانڤیسی وێنێ ئافرەتەکێ کێشاییە کو ئەگەرەکە بۆ بەردەوامیی و گەشەکرنا ڕوودانا، چونکی کارەکتەرەکا کوردپەروەرە بەرۆڤاژی هزر و ئایدیۆلۆجییا بابێ خوە" (عومەر، ٢٠٠٧، ل٢٢٢)، ئەم بەروڤاژییەی چنار لەگەڵ باوکی وادەکات سەردار زیاتر چناری خۆش بوێت و متمانەی پێی هەبێت. تەنانەت ئەو کاتەی سەردار دەیویست واز لە کارکردن لە ڕێکخستنی نهێنیدا بهێنێت، چونکە ترسێکی هەبوو و دوو دڵ بوو و بەخۆی دەگوت" یا چێتر ئەوە ئەز دەڤ ژ ڤی کاری بە بدم، ئەز نەیێ ڤان شۆلانم" (هروری، ٢٠٠٨، ل٢٥) بەڵام کە شڤان و دڵشادی دەبینی و قسەیان لەگەڵ دەکرد، پەشیمان دەبوویەوە لە وازهێنان لە کاری ڕێکخستنی نهێنی، بەڵام لە دەروون و ناوەوەیدا هەر دوو دڵ بوو لەو کارەی و لە ناخەوەی حەزی لێی نەبوو و لە دڵەوە نەیدەکرد "سەرداری تشتەک دزانی، کو ئەو، وی کاری، ب هەمی ژێ رازیبوون و باوەرپێکرنا خوە ناکە" (هروری، ٢٠٠٨، ل٢٥) بەڵام سەرەنجام بڕیار دەدات واز لە خەباتی نهێنی و ڕێکسخستنی نهێنی بهێنیت و بە هەڤاڵەکانی بڵێت: "هەڤاڵێن هێژا ببۆرن، ئێدی ئەز نکارم د ڤی کاری دە بەردەوام ببم، ... من باوەری ب ڤی رەنگێ خەباتێ نەمایەو من باوەری ب ڤان هەمی پارتیان ژی نینە... ئەز حەز ناکم ئێدی ئەندام بم د ڕێکسخستنەکا نهینی دە." (هروری، ٢٠٠٨، ل٢٨)، بۆیە دەچێت بۆ لای میرزای بەرپرسی لە زاخۆ، بۆ ئەوەی هەواڵی وازهێنانەکەی لە خەبات و ڕێکسخستنی نهێنی بە میرزا بڵێت، بەڵام کە دەگاتە ماڵیان دەبینێت میرزا لەلایەن ئاسایشی حکومەتەوە گیراوەو ناوی سەرداریشیان پێ بوو بۆ ئەوەی بیگرن، ئیتر بۆی دەردەکەوێت بڕیاری وازهێنانەکەی لە خەباتی ڕێکسخستنی نهێنی درەنگەو دوو ڕێگەی لە پێشە، یان بچێتە لای پۆلیس و خۆی رادەست بکات و ڕاستییەکانیان پێ بڵێ، کە لە ڕێکسخستنی نهێنیدا کاری کردووەو سەرەنجامەکەی زیندان و لێدان و لە سێدارەدانە، یان بچێتە شاخ و لەوێ دژی دەسەڵاتی داگیرکەر بجەنگێت. لەو کاتەدا کە لە ماڵی میرزا دێتە دەرەوەو بیر لەو دوو بژاردەیە دەکاتەوە، ئاساییش چواردەوری دەگرن و دەستگیری دەکەن و بە لێدان دەیبەن بۆ زیندان. لە ڕۆمانەکەدا بە تایبەتی لاپەڕە (٢٧–٢٨) وا پیشان دراوە سەردار لەبەر ئەوە دەیەوێت واز لە خەباتی نهێنی بهێنێت لەگەڵ پارتە کوردییەکەدا گوایە پارتە کوردییەکان لەناو یەکدا دژایەتیی یەکتر دەکەن و ئەوەندەی خەریکی شەڕو دژایەتیی یەکترن ئەوەندە خەریکی دژایەتیی داگیرکەر نین و لەگەڵی ناجەنگن (ئێدی من باوەری ب ڤی رەنگێ خەباتێ نەمایە و من باوەری ب ڤان هەمی پارتیان ژی نینە، ئو ئەز دبینم ئەو پێتر شەرێ یەکودو دکن ژ هندێ کو شەرێ دوژمنی بکن.داگیرکەر مە بندەست دکن و ئەم ژی یەکودو دکوژن. ئەز ڕێیا خەلاسبوونا مە ب ڤی رەنگی نابینم" (هروری، ٢٠٠٨، ل٢٨)، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم هۆکارە ئەوەندەی دەستێوەردانی نوسەرو بۆچوونی خودی نوسەرە، ئەوەندە پاڵنەری ڕاستەقینەی سەردار نییە بۆ وازهێنان لە کارکردن لە ڕێکخستنی نهێنیدا. چونکە سەردار هێشتا قوتابیی قۆناغی یەکی زانکۆیەو زۆر ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و ململانێی حزبە کوردییەکان نییە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا، بۆیە بە بڕوای ئێمە هۆکاری ڕاستەقینەی وازهێنانی لە خەباتی نهێنی خۆشەویستییەکەیەتی بۆ چنار، نەک ئاگاداربوون لەوەی پارتە کوردییەکان لەناو خۆیاندا دووبەرەکی دەکەن، چونکە ئەم خەباتە نهێنییەی مەترسی لەسەر دروست کردووەو شیمانەی ئەوە هەیە لەلایەن حکومەتەوە بگیرێت و زیندان بکرێت، ئەم خەباتە نهێنییەو گرتن و زیندانکردنی دەبێتە هۆی ئەوەی لە چنار دابڕێت، واتە بەهۆی بوونی ئەم لەناو خەباتی نهێنیدا لەوانەیە لەگەڵ چنار لەیەک دوور بکەونەوەو ئەو خۆشەویستییەی نێوانیان دروست نەبێت و بەدی نەیەت و ڕوونەدات. ئەمەش لەوێوە زیاتر هەستی پێ دەکرێت و دەردەکەوێت


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

کاتێک کە دەچێت بۆ زاخۆ بۆ ئەوەی کۆمیتەی کارگەر لەو بڕیارەی خۆی ئاگادار بکات، لە ڕێگەدا ترسی ئەوەی هەیە بگیرێت و چنار نەبینێتەوە "جار نا ژ دیمێ چنارێ، ب بشکورینا خوە یا دلڤەکەر ڤە، دهات بەر چاڤێن وی و بۆ چەند چرکەیان خەما وی دهات رەڤاندن و د هزرا هندێ دە دما: ئایا دێ هەمی تشت هێمن ببن و دێ ئەو جارەکا دن چنارێ ببینە؟" (هروری، ٢٠٠٨، ل٢٩) ئەمەش واتای ئەوەیە ئەو کاتەی قوتابی زانکۆیە، هۆکاری وازهێنانی لەخەباتی نهێنی و لە سیاسەت لەبەر ئەوە نییە باوەڕی بە خەباتی نەتەوەیی نەماوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە دەیەوێت بارودۆخی ژیانی ئارام ببێتەوەو ترسی حکومەت و گرتنی لەسەر نەمێنێت و بە هێمنی دەست بکات بە بەدیهێنانی خۆشەویستییەکەی لەگەڵ چناردا، بەڵام ئەو کاتەی لە زاخۆ دەگیرێت و زیندان دەکرێت و دوایی لەگەڵ هاوەڵەکانی لەلایەن پۆلیسەوە بەرەو موسڵ دەبرێن، لە ڕێگادا هاوڕێکانی پەلاماری پۆلیسەکان دەدەن و سەرەنجام هاوڕێکانی و پۆلیسەکان یەکتر دەکوژن و تەنها ئەم بە زیندوویی دەردەچێت و بە نهێنی دەگاتەوە موسڵ، لە موسڵ چنار دەبینێت و بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ باس دەکات، ئیتر چنار دەیەوێت هاریکاریی بکات بۆ ئەوەی لە دەستی ڕژێم دەربازی بکات و بیگەیەنێتە دهۆک و لەوێوە بچێتە ناوچە ئازادکراوەکان و ناو پێشمەرگە. ئەمە ئەوە دەردەخات ناسینی سەردارو دروستبوونی خۆشەویستی لە نێوانیاندا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر چنار و وای کرد ورەی بەرز بێتەوەو هەستی نیشتمانی و کوردایەتیی بجوڵێت و کاتێک سەردار تووشی کێشە دەبێت، بەهۆی خۆشەویستییەکەیەوە بۆ سەردار هەوڵ دەدات لە موسڵ ڕزگاری بکات و بیگەیەنێتە دهۆک و لەوێوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان. لە هەمان کاتدا کەسێتی چناریش کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی سەردار لەسەر کوردایەتییەکەی و دژایەتیی ڕژێم بەردەوام بێت.

کاتێکیش سەردار دەچێتە شاخ و دەبینێت پارتە کوردییەکان لە جیاتی ئەوەی دژایەتی داگیرکەر بکەن و لەگەڵی بجەنگن، لەنێوان خۆیاندا دووبەرەکییان هەیەو لە دژی یەک دەجەنگن، ئەمە بەلای سەردارەوە جێی قبوڵکردن نییەو وادەکات باوەڕی بەو جۆرە خەباتە نەمێنێت بۆیە دەڵێت: "ئێدی من باوەری ب ڤی رەنگێ خەباتێ نەمایەو من باوەری ب ڤان هەمی پارتیان ژی نینە. ئو ئەز دبینم ئەو پێتر شەرێ یەکودو دکن و ئەم ژی یەکودو دکوژن"(هرووری، ٢٠٠٨، ل٢٨) ئەم دوو بەرەکی و دژایەتیکردنەی یەکتر لە مێژە لەناو کورددا هەبووەو شاعیرانیش هەر لە زووەوە هەستیان بەو ڕاستییە کردووە کە یەکبوون و یەکێتی و تەبایی بۆ ئێمە زۆر پێویستە، "چونکە ئێمە خاوەن گەل و خاکین، خاوەن مێژوو شارستانیەتین" (ئامێدی، ٢٠٠٥، ٢٧٧). سەرداریش داوای ئەم یەکبوون و یەکێتییە دەکات لەنێوان سەرجەم حزب و لایەنە کوردییەکانداو ڕای وایە نابێت دژایەتی یەکتر بکەن و پێویستە بە هەموویان دژی داگیرکەر بوەستن و هێزو توانایان یەک بخەن.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد سەردار لە سەرەتادا کەسێکی ترسنۆکە، کە دەشچێتە ناو پێشمەرگە ئەو ترسەی هەر هەیە، بەڵام ئەو کاتەی دەزانێت چنار هاتووەتە ناو گوندە ئازادکراوەکانی ئەو دەوروبەرە، حکومەتیش هێرشی کردووەتە سەر ئەو ناوچەیە، ئیتر خۆشەویستیی سەردار بۆ چنار ورەیەکی بەرزو ئازایەتییەکی زۆر دەدات بە سەردارو ترس لە دەروونیدا نامێنێت و دەست دەکات بە هاریکاری و بەرگریکردن لە خەڵک. ئەمەش واتای ئەوەیە تێکەڵبوونی ئەوین بە نیشتمانپەروەرییەکەی دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی گەورەو گۆڕانێکی مەزن لە کەسێتیی سەرداراو لە کەسێکی ترسنۆکەوە دەبێت بە کەسێکی ئازاو چاو نەترس.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لایەنێکی تر کە لەم ڕۆمانەدا گرنگەو لە کەسێتی سەردار و چناریشدا ڕەنگی داوەتەوەو پەیوەستە بە هەستی نیشتمانی و نەتەوەییەوە، ئەوەیە هەردووکیان پێیانوایە پێویستە تەنها خەباتی چەکداری نەکرێت، بەڵکو گرنگی بە لایەنەکانی تر بدرێت و لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە خەبات بکرێت، لە ڕووی خوێندن و پەروەردەکردنەوە گرنگی بە هەموو تاکێکی کۆمەڵ بدرێت و بەرخۆدانێکی مەزنتر بکرێت لە ماڵ و گوندو شارو لە ڕووی کلتوری و زمانی و بەدەستهێنانی زانین و زانستەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین چنارو سەردار وەک دوو کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە لەو کەسێتییانەن کە "بەرجەستەکەری شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرین" (یقطین، ٢٠٠١، ص١٤١) ، هەردوو کەسێتییەکە پێش ئەوەی بچنە شاخ بۆ ناوچە ئازادکراوەکان قوتابیی زانکۆ بوون، ئەمە وای کردووە خاوەنی هۆشیارییەکی بەرزی ڕۆشنبیری بن و لایەنی خوێندن و خوێندەوارییان بەلاوە گرنگ بێت، بۆیە سەردار هەوڵ دەدات لەناو پارتە کوردییەکەدا کارێکی ڕۆشنبیری بکات، چناریش لە گوند منداڵان فێری خوێندەواری دەکات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات. ئەم کارانەشیان ڕەنگدانەوەی ئاستی هۆشیاریی و ڕۆشنبیرییانە.

## بەشی دووەم: هاوسەنگیی لەنێوان ڕۆمانی (ژانی گەل) و ڕۆمانی ئەڤین و شەواتدا

ڕۆمانی (ژانی گەل) لە نوسینی (ئیبراهیم ئەحمەد)ە، ئەم ڕۆمانە وەک لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێکراوە لە ساڵانی پەنجاکاندا بە تایبەتی ساڵی (١٩٥٦) نوسراوە، ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)یش ساڵی (٢٠٠٨) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ماوەی نوسینی نێوان ئەم دوو ڕۆمانە نزیکەی نیو سەدە زیاترە، بەڵام هەندێک تیمەو بابەت و ڕووداوی هاوبەش لە هەردووکیاندا بەرچاو دەکەوێت. واتە سەرەڕای ئەو ماوە زۆرەی نێوانیان لە هەردوو ڕۆمانی (ژانی گەل) و (ئەڤین و شەوات)دا هەندێک ڕووداو و بەسەرهاتی کەسێتییەکان هەیە لە یەک دەچن. ئەمەش پەیوەستە بەوەی بە درێژایی ئەو ماوەیە کورد لەژێر دەستی داگیرکەردا بووەو چەوسێنراوەتەوە بۆیە ئەم بارودۆخی داگیرکاری و چەوساندنەوەیە لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوەو هەردوو ڕۆمانەکە گوزارشت لە باورودۆخ و ژیانی نوسەرەکانیان دەکەن.

گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)دا بە ڕاناوی کەسی سێهەمە، واتە گێڕەرەوەی هەمووشتزان ڕووداو و کەسەکان پێشکەش دەکات، ئەمەش گێڕانەوەیەکی تەقلیدییە، ئەم گێڕانەوە تەقلیدییەش بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ داستانە کۆنەکان و گێڕانەوەی کلاسیکی و پاشان گوازراوەتەوە بۆ ڕۆمان و یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نوسینی ڕۆمان (بڕوانە: بحراوي، ١٩٩٠، ص١٢١)، بەهەمان شێوە لە ڕۆمانی (ژانی گەل)یشدا گێڕانەوە بە ڕاناوی کەسی سێهەمەو گێڕەرەوەی هەموو شتزان کاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات، بۆیە لەم ڕووەوە هەردوو ڕۆمانەکە وەکو یەک وان.

لە ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)دا بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەییەو لە سەرەتاوە دەست پێ دەکات بەرەو ناوەڕاست و کۆتایی دەڕوات، بەڵام لە هەندێک شوێندا یاریی بە کات کردووەو تەکنیکی گەڕانەوەی ئەنجام داوە، ئەم تەکنیکەش" بۆشاییەک پڕ دەکاتەوە کە پێشتر بەجێ هێڵراوە، یاخود گێڕانەوەی ڕووداوێکە کە پێش گەیشتن بەو خاڵەی چیرۆکەکە پێی گەیشتووە ڕووی داوە (بڕوانە: قاضی وآخرون، ٢٠١٠، ص١٥، ١٧) ئەم گەڕانەوەیەش زۆربەی جار شیکارییەو تیشک خستنە سەر شتێکە کە تێپەڕیوەو لە ژیانی کەسەکەدا باس نەکراوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

(بڕوانە: زیتوني، ٢٠٠٢، ص١٨) و هۆكارێكە بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستەكەو پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ڕۆمانەكەدا ڕووی داوە، بە گشتی لەم تەكنیكەدا گێڕەرەوە ڕووداوەكانی ئێستا دەوەستێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ كاتێكی پێشترو هەندێك شت باس دەكات، كە پێشتر باسی نەكردوون. ئەوەندە هەیە ئەم تەكنیكە لە ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)دا تا ڕادەیەک بە كەمی بەكار هاتووە لە چاو ڕۆمانی (ژانی گەل)دا، چونكە لە (ژانی گەل)دا ئەم تەكنیكە زیاتر بەكار هاتووەو بەشێكی زۆری ڕووداو و بەسەرهاتەكان لەڕێگەی ئەم تەكنیكەوە خراونەتەڕوو، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی (ژانی گەل) ئەگەرچی نیوە سەدە پێش ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) نوسراوە، بەڵام لە ڕووی بەكارهێنانی ئەم تەكنیكەوە لە ئاستێكی بەرزتردایەو نوسەر توانیویەتی بەشێوەیەكی جوان یاری بە كات بكات و پێش و پاشی بخات.

لە ڕووی شوێنەوە لە هەردوو ڕۆمانەكەدا زۆر بە دەگمەن شوێنی خەیاڵی بەكار هاتووەو بەشی هەرە زۆری شوێنەكان واقیعین و هەردوو نووسەر شوێنەكانیان لە واقیعی دەوروبەری خۆیانەوە وەر گرتووە و ناوی ڕاستەقینەی شوێنەكانیان نوسیوەو لە ڕۆمانەكەیاندا مەزراندوونیان و هیچ داهێنانێكی وایان لە شوێندا نەكردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو نوسەر بە شێوەیەكی واقیعییانە گوزارشتیان لە ئازارەكانی نیشتمان كردووەو ویستوویانە ڕۆمانەكەیان ڕەنگدانەوەی واقیعی نەتەوەكەیان بێت.

كاتی ڕووداوەكانی ڕۆمانی (ژانی گەل) ساڵانی سییەكان و چلەكانی شاری سلێمانی و دەروبەریەتی، بەڵام كاتی ڕووداوەكانی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) بەشێوەیەكی سەرەكی ساڵانی هەشتاكانەو ڕووداو و بەسەرهاتەكانی ساڵی هەشتاكانی موسڵ و دهۆک و ناوچە ئازادكراوەكان دەخاتە ڕوو. واتە لە ڕووی كاتەوە باس لە دوو سەردەمی جیاو دوور لە یەكە دەكەن، كەچی ئەو دوو سەردەمە جیاوازو دوور لە یەكە بۆ كورد هەر نەهامەتی و تراژیدیا بووە.

لە هەردوو ڕۆمانەكەدا زۆربەی كەسەكانیش لە كەسانی ئاسایی ناو واقیع دەچن و ئەو ڕووداو و هەڵسوكەوتانەی ئەنجامی دەدەن هەمان ئەو ڕووداوە ئاساییانەن كە لە واقیع و مێژووی كورددا ڕوویان داوەو ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاری داگیركەرن.

یەكێك لەو بابەتانەی لە هەردووكیاندا بەرچاو دەكەوێت مەسەلەی خۆشەویستیی كەسێتیی سەرەكیی ڕۆمانەكەیە لەگەڵ كچێكدا، لە هەردوو ڕۆمانەكەدا بایەخێكی زۆر بەم بابەتە دراوە، لە ڕۆمانی (ژانی گەل)دا كەسێتیی سەرەكیی ڕۆمانەكە كە ناوی (جوامێر)ە عاشقی كچێك دەبێت بە ناوی (كاڵێ) و سەرەنجام دەبنە هاوسەری یەكتر، بەڵام دەستگیركردنی جوامێر و زیندانكردنی دەبێتە هۆی ئەوەی لە هاوسەرەكەی داببڕێت و بۆ ماوەی دە ساڵ زیندان بكرێت، كاتێكیش لە زیندان ئازاد دەكرێت، بۆی دەردەكەوێت هەمان ئەو ڕۆژەی ئەم گیراوەو زیندان كراوە، هاوسەرەكەی لەكاتی منداڵبووندا مردووەو كۆرپەكەشی نەماوە. بە هەمانشێوە لە ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)یشدا كەسێتیی سەرەكیی ڕۆمانەكە (سەردار) عاشقی كچێك دەبێت بە ناوی چنار، سەرداریش دیسان دەستگیر دەكرێت و بەرەو زیندان دەبرێت، بەڵام پێش گەیشتنی بە زیندان دەربازی دەبێت و ئیتر بەهۆی زوڵم و زۆری ڕژێمەوە دەچێتە شاخ و لە چنار دادەبڕێت. باوكی چنار بە زۆر چنار دەدات بە كوڕی برای خۆی، بەڵام ئەم هاوسەرەی چنار لەگەڵ باوكی دەكوژرێن و چناریش شار بەجێدەهێڵێت و ڕوودەكاتە ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو سەرەنجام لەگەڵ سەردار یەكتر دەبیننەوەو هاوسەرگیری دەكەن. واتە لە هەردوو ڕۆمانەكەدا كەسێتییە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

سەرەکییەکان لەگەڵ خۆشویستەکانیاندا هاوسەرگیری دەکەن. ئەوەندە هەیە لە (ژانی گەل)دا زوو بەیەک دەگەن و دەبن بە هاوسەر، بەڵام زووش لە یەک دادەبڕێن و کاڵێ دەمرێت، کەچی لە (ئەڤین و شەوات)دا درەنگ بە یەک دەگەن و دەبن بە هاوسەر بەڵام، تا کۆتایی بەیەکەوە دەمێننەوەو کەسیان نامرێت و ڕۆمانەکە چارەنوسییانی بە کراوەیی بەجێ هێشتووە بۆ خوێنەر.

جوامێر، کە کەسێتی سەرەکیی ڕۆمانی (ژانی گەل)ە، هیچ پەیوەندییەکی بە شۆڕش و پارتی کوردییەوە نییەو لەمەدا لە کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) کە سەرداره جیاوازە، چونکە سەردار هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە لەناو ڕێکخستنی نهێنیدا کار دەکات و پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردییەوە هەیە، بەڵام سەردار پەشیمانە لەوەی لەناو ڕێکخستنی نهێنیدا کار دەکات و دەیەوێت واز بهێنێت، بۆ ئەمەش دەچێتە زاخۆ بە مەبەستی سەردانی ( میرزا) کە بەرپرسی ئەمە لە ڕێکخستنی نهێنیدا، بەڵام کاتێک دەچێتە زاخۆ دەبینێت (میرزا) گیراوە، دوای ئەوەی لە ماڵی (میرزا) دەچێتە دەرەوەو دەیەوێت بڕوات، پیاوانی ڕژێم دەیگرن و دەیبەن بۆ زیندان، دواتر حکومەت دەیەوێت سەردارو هاوڕێکانی لە زاخۆوە بگوازێتەوە بۆ موسڵ، لە ڕێگە هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدەن لەدەست پیاوەکانی ڕژێم، لە ئەنجامدا پیاوەکانی ڕژێم و دوو هاوڕێکەی ئەم دەکوژرێن و ئەم بە زیندوویی دەمێنێتەوەو بۆ دەربازکردنی گیانی خۆی پەنا دەباتە بەر ناوچە ئازادکراوەکان و لە بڕیاری وازهێنان لە کاری ڕێکخستن پەشیمان دەبێتەوەو لە ناوچە ئازادکراوەکان لەگەڵ شۆڕشدا کار دەکات و دەبێتە پێشمەرگە.

جوامێریش ئەگەرچی وەک وتمان سەرەتا هیچ پەیوەندییەکی بە شۆڕش و سەرهەڵدانەکانەوە نییە، بەڵام دوای ئەوەی لە کاتی خۆپیشاندانەکەدا دەگیرێت و زیندان دەکرێت، لە کاتێکدا ئەم بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندان نەچووەتە ئەو شوێنە، بەڵکو ژنەکەی وەختی منداڵبوونی بووەو پێویستی بە مامان بووە، جوامێریش بە مەبەستی هێنانی مامان بەرەو ئەو شوێنە چووەو کەوتووەتە ناو خۆپیشاندانەکەوەو بریندار دەبێت و دەگیرێت و تۆمەتی سەرکردایەتیکردنی خۆپیشاندانی دەدرێتە پاڵ و دە ساڵ زیندانی دەکرێت، کاتێکیش بەردەبێت بۆی دەردەکەوێت ژنەکەی و منداڵەکەی هەر لەکاتی منداڵبوونی ژنەکەی و گیرانی ئەمدا مردوون. ئیتر ئەمیش لەتاو ئەو گیران و زوڵم و زۆرەی داگیرکەر دەچێتە ناو شۆڕش و دژی داگیرکەر دەجەنگێت. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەگەر زوڵم و زۆرو گرتن و زیندانکردنی کەسەکان لەلایەن ڕژێمەوە ئەنجام نەدرایە، (جوامێر)ی کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانی (ژانی گەل) و (سەردار)ی کەسێتیی سەرەکیی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) نەدەچوونە شاخ و نەدە بوون بە پێشمەرگەو هەردووکیان لەگەڵ خۆشەویستەکانیان لە شاردا درێژەیان بە ژیانی خۆیان دەدا.

لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن پێشمەرگەوە، دەکەونە بەر هێرش و پەلامارو بۆمبا باران لەلایەن ڕژێمەوە، کاتێک جوامێر بۆ سۆراخی ژن و منداڵەکەی دەچێتە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان و ناوچەکە بۆمباباران دەکرێت و چەندین کەس دەکوژرێن، بەهەمان شێوە کاتێکیش سەردار لە ناوچە ئازادکراوەکانە، ئەو ناوچانە دەکەونە بەر پەلاماری ڕژێم و چەندین کەس بەبەرچاویەوە دەکوژرێن.

لە ڕۆمانی ژانی گەلدا کاتێک جوامێر بۆی دەردەکەوێت ژن و منداڵەکەی مردوون و ئەو هەموو ساڵە زیندان بووە ئیتر ڕوو دەکاتە شاخ بۆ ئەوەی ببێت بە پێشمەرگەو لێرەدا ڕۆمانەکە کۆتایی دێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کۆتایی ڕۆمانەکە کراوەیە، ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)یش کۆتاییەکەی کراوەیەو ئەگەرچی نیو سەدە دوای (ژانی گەل) نوسراوە، بەڵام وەک بەردەوامی و درێژکراوەی ڕۆمانی (ژانی گەل)ە لە ڕووی خەبات و تێکۆشان دژی داگیرکەر.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو واقیعەی لە سەردەمی نوسینی ڕۆمانی (ژانی گەل) دا هەبووە، لە سەردەمی نوسینی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)یشدا هەر بەردەوام بووەو نەتەوەی کورد هەر لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا بووە.

---

[١] ستیڤن گرۆزبی (Steven Grosby) پرۆفیسۆریکی بواری ئاینە لە زانکۆی کلیمسۆن (Clemson). لە زانکۆی شیکاگۆ دکتورای بەدەست هێناوە، بواری توێژینەکانی بریتین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دێرین، پەیوەندی نێوان ئاین و ناسیۆنالیستی، هەروەها سۆشیال و فەلسەفەی سیاسیی. بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Steven_Grosby

## ئەنجام

- ناوەڕۆکی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) وەک لە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێت لەسەر کۆمەڵێک لێکدژی بینات نراوە، وەک لێکدژیی چنار و براکەی لەگەڵ باوکیان، لێکدژیی سەردار لەگەڵ پیاوانی ڕژێم، تەنانەت لەناو خودی کەسێتی سەرداردا لێکدژی هەیە، چونکە ئەگەرچی کەسێکی ترسنۆکە، بەڵام لە ڕێکخستنی نهێنیدا کار دەکات، کە ئەمەش ئازایەتی و چاونەترسیی دەوێت.
- لە ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)دا مەسەلەی یەکێتیی نەتەوەیی بەشێکە لە کاری سەرەکیی کەسێتییە سەرەکییەکەو زۆر هەوڵی بۆ دەدات.
- لە ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)دا مەسەلەی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی پێش هەستی ئاینی کەوتووە، چونکە سەردار موسڵمانەو خودێدا یەزیدییە، بەڵام هەستە نەتەوەییەکە وادەکات خودێدا هاریکاری سەردار بکات بۆ دەربازبوونی لەدەست ئاسایشی ڕژێم.
- لە هەردوو ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) و (ژانی گەل)دا ئەگەرچی ڕووداوەکان لە دوو سەردەمی جیاوازدا ڕوویان داوەو ڕەنگدانەوەی دوو ناوچەو دوو شاری جیاوازی کوردستان (دهۆک و سلێمانی)ن، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخی کورد و تاکی کورد لە هەردوو سەردەمەکەداو لە هەردوو دەڤەرەکەدا لەژێر زوڵم و زۆری داگیرکەردا بووە، بۆیە زۆر ڕووداو و بەسەرهات و تراژیدیا لە هەردوو ڕۆمانەکەدا هەن، زۆر لە یەکەوە نزیکن و لەیەک دەچن و ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە داگیرکەر دروستی کردووە، واتە لە هەردوو بارەکەدا کوردبوون وای کردووە ئەو کارەسات و تراژیدیایانە بەسەر کەسەکان و وڵاتەکەیاندا بێت.
- لە هەردوو ڕۆمانەکەدا مەسەلەی خۆشەویستیی یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی پێکهاتەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان.
- لە هەردوو ڕۆمانەکەدا زوڵم و زۆری داگیرکەرو هەستی خۆشەویستی دوو پاڵنەری سەرەکین، کە وادەکەن کەسێتییە سەرەکییەکان بچنە ناو شۆڕش و ناوچە ئازادکراوەکانەوەو ببن بە پێشمەرگە.
- لە ڕووی تەکنیکەوە هەردوو ڕۆمانەکە تا ڕادەیەکی زۆر شێوەی نوسینیان لەیەک نزیکەو کەسێتی و کات و شوێن و ڕووداوەکانی هەردوو ڕۆمانەکە زۆر واقیعین و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی نوسەرەکانیانن.

## سەرچاوەکان:

### کوردییەکان:


1. احمد، ابراهيم ، (٢٠٠٢)، ژانی گەل، چاپی دووەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری.
2. هرووری، سدقی، (٢٠٠٨)، ئەڤین و شەوات، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
3. ئاگرین، عەبدوڵلا ، (١٩٩٦)، شیعری سیاسیی کوردی لە باشووری کوردستان... ١٩١٨- ١٩٣٠، چاپی یەکەم، بەبێ شوێنی چاپ و دەزگای چاپ.
4. ئامێدی، عەبدوڵلا(د.)، (٢٠٠٥)، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩ – ١٩٧٠، هەولێر، کۆڕی زانیاری کوردستان.


### عەرەبییەکان


5. بحراوي، حسن ، (١٩٩٠)، بنية الشكل الروائي (الفضاء ـ الزمن ـ الشخصية)، ط١، بيروت ـ لبنان. ، المركز الثقافي العربي.
6. الطفيلي، حمد (د.)، (1992)، مفتاح الحب الناجح (رؤية فلسفية في فصول جديدة)، ط1، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.
7. جروزبي، ستيفن، (٢٠١٥)، القومية، تر: محمد ابراهيم الجندي و محمد عبد الرحمن اسماعيل، ط١، القاهرة ـ مصر، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة.
8. يقطين، سعيد، (٢٠٠١)، انفتاح النص الروائي (النص والسياق)، ط٢، المغرب ـ الدار البيضاء، المركز الثقافي العربي.
9. العظم، جلال، (٢٠٠٧)، في الحب والحب العذري، ط٨، العراق ـ بغداد، دار المدى للثقافة والنشر.
10. زيتوني، لطيف (د.)، (٢٠٠٢)، معجم مصطلحات نقد الرواية، ط١، لبنان ـ بيروت، مكتبة لبنان ناشرون.
11. مجموعة من المؤلفين، 2010، فلسفة الحب، مختارات فلسفية ـ الجزء الثاني، ت: هيثم صعب، ط1، بغداد، دار المدى للثقافة والنشر.
12. قاضی، محمد، وآخرون، (٢٠١٠)، معجم السرديات، ط١، تونس، دار محمد على للنشر.


### نامەی ئەکادیمی:


13. عومەر، ئەمین، (٢٠٠٧)، شیعرییەتا رۆمانێن (سدقی هروری)، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆک، کۆلیژی ئاداب، بەشی کوردی.


### گۆڤار:


14. هيمة، عبدالحميد (د.)، (فيفرى ٢٠١٣)، المأساة الوطنية في الرواية الجزائرية (قراءة في نماذج من الرواية الجزائرية الجديدة، مجلة العلوم الأنسانية، Volume 13، عدد ٢٩، جامعة محمد خيضر بسكرة. ص٢٢٣ ـ ٢٣٧.


### وێب سایت:


15. https://en.wikipedia.org/wiki/Steven_Grosby




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## الخلاصة

عنوان البحث هو (التضاد وثنائية الحب والوطنية في رواية "ئەڤین و شەوات" للروائي صدقي الهروري". يتكون البحث من مقدمة و مدخل مع فصلين. في المدخل قمنا بعرض ملخص الرواية مع تعريف عام لها من الناحية الفنية. في الفصل الأول تحدثنا عن العشق والوطنية و تأثيرهما على الأشخاص الرئيسية في الرواية، وهما (سەردار) و (چنار). أما في الفصل الثاني نحاول ان نقوم بموازنة بين هذه الرواية (ئەڤین و شەوات) مع رواية اخرى كوردية بعنوان (ژانی گەل). فترة ما بين كتابة هذين الروايتين نصف قرن تقريبا واحداثهما وقعت في وقتين مختلفين و انعكاس لمنطقتين و مدينتين مختلفتين في كردستان (دهوک ، السليمانية)، أما لأن وضع الكورد و الفرد الكردي في هذين الفترتين في كلتا المنطقتين كان تحت وطأة الأستعمار، لذا فإن كثيرا من الأحداث و والمأساة في الروايتين قريبا من بعضهما و يشبهان بعضهما بعضا.



## Summary

This research is about the novel of (Avin and Shawat) by the novelist (Sidqi Hirury). It consists of introduction, abstarct, and two parts; in the abstarct a summary of the novel and general introductaion are discussed technically.

In the first part, love and patriotism are argued and the effect of these two topics on the heros of the novel (Sardar) and (Chnar). In the second part, we try to make a balance between this novel (Avin and Shawat) with another Kurdish novel which is (Zhani Gal). Although the time of writing of these two novels is more than half-century and the events happens in two different times and it reflects two different districts and cities (Duhok and Sulaimany) because of Kurds situation and Kurd's individual in both times and districts were under invaders control, that is why lots of events and tragedes exist and similar in both novels.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019